# ئالا تاڵەبانی

# ڕێکخراوێکی زۆری ژنان کراوەتەوە و بودجەیەکی زۆریشیان هەیە و دەستکەوتێکی ئەوتۆشیان نییە

**دیداری سالار مەحمود**



**لە ئەنجومەنی نوێنەرایەتی عێراقدا شەڕ بۆ ژنی کورد دەکەم**

خاتوو ئالا تاڵەبانی هەڵسوڕاوێکی کارای بواری ژنانە و بەرپرسی سەنتەری بەهێزکردنی تواناکانی ژنانە لە سلێمانی و خاوەنی بڕوانامەی دیبلۆمە لە مافی مرۆڤدا لە بەریتانیا و ژن و سیاسەتی گشتی لە زانکۆی هارڤەردی ئەمریکی خوێندووە و کاندیدی ئەنجومەنی نوێنەرایەتی داهاتووی عێراقە لەسەر لیستی هاوپەیمانی، سەبارەت بە دۆز و بارودۆخی ژنان لڤین بەچەند پرسیارێك خاتوو ئالا تاڵەبانی هێنایە دووان.

**لڤین: دەکرێت بپرسین کە بزوتنەوەی ژنان لە کوردستان لە چ قۆناغێکدایە و چی کردووە و دەوری چییە؟**

ئالا تاڵەبانی: ڕەنگە بۆ من ئاسان نەبێت کە حکوم بدەم بزوتنەوەی ژنان لە چ قۆناغێکدایە، ئەم بزوتنەوەیە بە چەند قۆناغێکدا گوزەری کردووە، بەرەوپێش چووە و بەرەو دواش هاتووە بەهۆی شەڕەوە ئێستا لە قۆناغێکی باشدایە، بەڵام لە قۆناغە هەرە پێشکەوتوو هەرە باشەکانی نییە، دەبێت ئەوانەی کە لە ناو بزوتنەوەکەدان گەرمتر کاری بۆ بکەن، بزوتنەوەکە دەجوڵێت، بەڵام پێویستی بە زیاتر هەیە.

**لڤین: پێت وانییە زۆری و بۆری ڕێکخراوەکانی ژنان و ئافرەتان زیانی لە بزوتنەوەکە دابێت؟**

ئالا تاڵەبانی: من بون و زۆر بوونی ڕێکخراو بە خراپ نازانم، بەڵام مادام هەموو ڕێکخراوەکانی ژنان هەموو یەك ئامانجیان هەیە و گەیاندنی ژنانە بە پلە و پایەکانی خۆیان، دەبێت هەماهەنگی هەبێت لە نێوانیاندا، زۆربوونی ڕێکخراوەکان کاریگەری خراپی نییە، بەڵام هەماهەنگی نەبوونیان خراپە و زیان دەدات.

سەردانی زۆر وڵاتم کردووە و دیومە کە ڕێکخراوی ژنان زۆرن، بەڵام لە بابەتە چارەنووس سازەکاندا تەواو هاودەنگ و هاوڕاو یەك هەڵوێستن، لای ئێمە تۆڕی هاوبەش و کۆمیتەی هاوبەش نییە، جگە لە وەی هەماهەنگی کەسایەتی بە تواناش لە ناو ئەو ڕێکخراوانەدا نییە، ڕێکخراوێکی زۆر کراوەتەوە و ناوەندێکی زۆریش هەیە بۆ ژنان و بودجەیەکی زۆریشیان هەیە و دەستکەوتێکی ئەوتۆشیان نییە بۆ ژنان کۆمەڵێك کۆبوونەتەوە یان زۆر توندڕەون یان لە پێناو مەرامێکی تردا کاردەکەن، دەبێت ئەوانەی کار بۆ ژنان دەکەن ئیمانیان بە گۆڕانکاری هەبێت و بڕواشیان بە مەسەلەکە قایم بێت.

**لڤین: بە بەراورد لەگەڵ ژنانی عێراقدا لە خوار و ناوەڕاست، دەتوانین بڵێین بزوتنەوەی ژنان لە کوردستان لە پێشترەو قۆناغی باشی بڕیوە، یاخود جیاوازی چییە لە نێوان بزوتنەوەی ژنان لێرە و لەوێ؟**

ئالا تاڵەبانی: بە پێی ئەو ئازادییەی کە چەند ساڵێکە لێرە هەیە ئێمە قۆناغێکی باشترمان بڕیوە، بەڵام ئەمە مانای ئەوە نییە کە ژنانی ناوەڕاست و خواروی عێراق هیچیان نەکردووە و وەستاون، لە دوای ڕووخانی سەدام من خۆم زۆر ئیشم لەگەڵ ئەواندا کردووە لە شارەکانی (بەغداد، کەربەلا، نەجەف، بەسرە، حللە) ئەوانیش زۆر هاتوونەتە پێشەوە، دەتوانم بڵێم بە سەدان ڕێکخراو بۆ داکۆکیکرن لە مافەکانی ژنان لەو ناوچانەدا دروست بوون بە جیاوازی بیر و بۆچوونەوە، لە بەغداد زیاتر لە (٤٠) ڕێکخراو هەیە بۆ ژنان، ئەوەی کە زۆر بە دڵمە ئەوان تۆڕی هاوکاریان هەیە، ئێستە تۆڕی (ژنانی عێراقی) هەیە لە بابەتە گشتییەکاندا یەك دەنگ و هاوڕان، بەیەك ڕا كۆدەبنەوە و نامە ئاڕاستەی حکومەت دەکەن، نامە ئاڕاستەی پەرلەمان و سەرۆك کۆمار دەکەن، بەداخەوە لێرە دوای ئەو قۆناغە دور و درێژە نەمان توانیوە شتێکی وا بکەین.

لڤین: ئایا ئەو جیاوازییە مەزهەبییانەی کە لە عێراقدا هەن چۆن و بە چ شێوەیەك زیانی داوە لە دواخستنی بەدەستهێنانی مافەکانی ژنان؟


ئالا تاڵەبانی: لە دونیادا یەك ڕێکەوتننامە هەیە بۆ مافەکانی مرۆڤ، مافی ژنانیش لەهەرکوێ بن هەر یەك مافە و یەك کێشەیان هەیە، لە عێراقدا بابەتە نەتەوایەتییەکان و جۆری مەزهەبەکان کاریگەریان زۆرە لەسەر کێشەی ژنان، چونکە دین کاریگەری خۆی هەیە و شەریعەت دەچێتە ناویاساکانەوە، ئێمە جیاوازیمان لەگەڵ ژنانی ناوەڕاست و خوارودا هەیە، بەڵام لە ڕووە گشتییەکەوە هەموومان داوای یەکسانی دەکەین من دەمەوێت ژن بێتە ناوەندی بڕیاری سیاسییەوە ئەویش ئەوە داوایەتی، بەڵام کە دێیتە سەر مەسەلەی شەریعەت ئەوان کۆمەڵێك پرەنسیپیان هەیە و پێشم وایە لە ئەنجوومەنی نوێنەرایەتی داهاتووی عێراقدا کێشەمان دەبێت لە نێواندا بەتایبەت لە بابەتی دارشتنەوەی (قانونی ئەحوال شەخسی)دا ژنانی شیعە توند بیر دەکەنەوە، من بە توندی داکۆکی لە ژنی کورد دەکەم لەوێ، بەڵام بە مەرجێك ئەوانیش خۆیان یەك بخەن و پرۆژەی یەکگرتوویان هەبێت و پێشکەشی بکەن لە کاتی دارشتنەوەی یاسای باری کەسێتیدا، من بەڵێن دەدەم بە ژنی کورد کە دەنگ و ڕەنگیان بم و سەنگەریان بۆ بگرم و شەڕیان بۆ بکەم.

**لڤین: یەك لەو بابەتانەی دەستور کە لە پەرلەمانی نوێدا تەعدیلی تێدا دەکرێت (یاسای باری کەسێتی)یە لێرە هیچ پرۆژەیەك گەڵاڵەکراوە تا پێشکەش بکرێت بە پەرلەمان؟**

ئالا تاڵەبانی: هێندەی من ئاگاداربم لێرە چەند پرۆژەیەك هەیە، چەند تۆڕێك هەیە لە نێوان ڕێکخراوەکانی سلێمانی و هەولێر و کەرکوکیشدا، خۆشبەختانە ڕێکخراوەکانی گەنجان و ژنانیش بەشداریان تێدا کردووە، خۆیشم پرۆژەیەکی تایبەتم هەیە، لە هەوڵیشدام کە ئەو پرۆژانە یەك بخەم، گەر گەیشتینە ئەنجام ئەوە کارێکی زۆر باشمان کردووە، هەرچۆن بێت ئێمە پرۆژەی خۆمان پێشکەش دەکەین، بەڵام دواتر نابێت کەس گلەیی بکات کە دەنگ و ڕەنگی ئەوی تێدا نییە، ئەگەر ئەو ڕێکخراوانە دەیانەوێت دەنگ و ڕەنگیان لەو چاکسازییەی دەستوردا هەبێت دەبێت بێتە ناو پرۆژەکەوە.

# کتێبخانەی لڤین

## یاداشتەکانی ڕۆح




توێژینەوەیەکە لەسەر ڕۆح و زەین و ئاگایی و نائاگایی مرۆڤەکان لە دەروازەیەکی دەرونییەوە باسێکی فەلسەفی و گرنگ و تاڕادەیەك نامۆ دەهەژێنێت ئەویش ڕۆحی مرۆڤ بەر لە دایکبوون و پاش مردنە، دواتریش وروژاندنی چەمکی (تەناسوخ)ـچوونی ڕۆح بۆ لاشەیەکی تر ئەم کتێبە لە نووسینی (د. برایان لیسلی وایس)ە و هێمن شەریف لە فارسییەوە کردوویەتی بە کوردی و خانەی چاپ و بڵاوکردنەوەی چوارچرا لە دووتوێی بەرگێکی قەشەنگ و (٢٥٨) لاپەڕەدا چاپ و بڵاوی کردۆتەوە.